د. جەلال جەلیلزادە

نوێنەری کورد لە بەرەی ریفۆرمخوازانی ئێران

# "بیروڕای ئەحمەدی نەژاد لەگەڵ بیروڕای خەڵکی کوردستان یەکناگرێتەوە، ئەو زەمانە بەسەرچوو کە دەسەڵاتداران بتوانن کڵاو لەسەر خەڵکی بنێن"



دیداری ئیسماعیل عوسمان

**● جەلالی جەلالیزادە یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی کوردستانی ئێران لە سەردەمی خاتەمیداو لە دوو خولی هەڵبژاردندا بۆ ماوەی هەشت ساڵ ئەندام پەرلەمان بووەو وەك نوێنەری کورد لە بەرەی ریفۆرمدا، هەروەها ئەندامی فراکسیۆنی نوێنەری کورد بووە لە تاران، دواتر بەهۆی سستی ئەم فراکسیۆنە، بەرەی یەکگرتووی کورد دامەزراوە، کە ئێستا لێپرسراوەکەی (بەهادین ئەدەب)ە. جەلالی جەلالیزادە لە ئێستادا ئەندامی بەرەی موشارەکەی ئێران ئیسلامییە، کە حیزبێکی ئیسڵاحخوازی سیاسییە، سەر بە بەرەی ریفۆرمخوازەکانە، هەروەها مامۆستای زانکۆیەو سکرتێری کوردە لە بەرەی ریفۆرمخوازی ئێران.**

**لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بە گۆڤاری (لڤین)دا، جەلالی جەلالیزادە تیشك دەخاتە سەر مێژووی کارەکانی فراکسیۆن و بارودۆخی ئێستای کورد لە ئێراندا، هەروەها خستنەڕووی بیروڕای بەرەی ریفۆرم سەبارەت بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێران، بەتایبەت بۆچوونەکانی ئەم دواییەی خاتەمی لە تورکیا سەبارەت بە کورد.**

**لڤین: فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران، تا چەند توانیویەتی لە بەرژەوەندیی کورددا کاربکات، دوا ئاکامەکانی گەیشتە چی؟**

جەلالی جەلالیزادە: لە مەجلیسی شەشەمدا کاتێك کە رۆیشتینە ناوی، بینیمان لە ناوخۆی ئێراندا حیزبێك نەبوو کە چالاکی هەبێت بۆ یەکگرتنەوەی کوردەکان، تاوەکو بتوانێت دەنگی هەموو چینەکانی گەلی کورد بێت لە ئێراندا، ئێمە هەوڵماندا هەموو نوێنەرەکانی کورد کۆبکەینەوە لە دەوری یەك، ئەگەرچی هەریەك لەو کەسانە خاوەنی هەر بیروبۆچوونێك بن، هەرچەندە هەندێك لە نوێنەرە کوردەکان لە لایەنی فکریو بیروباوەڕییەوە، موخالەفەی بەرەی ریفۆرم بوون، بەڵام ئێمە توانیمان بەناوی کوردو مەسەلەی کوردەوە، هەموو ئەو جیاوازییانەی کە هەبوون لەناویبەرین. ئێمە سوودمان لەو بەشداریکردنە وەرگرت، لە دەرەوەی مەجلیس سودمەند بووین بۆ گەیاندنی داخوازییەکانی کورد.

**لڤین: ئەو داخوازییانەی کە ئێوە هەتانبوو لە فراکسیۆنی نوێنەراندا، چی بوون؟**

جەلالی جەلالیزادە: گەلی کورد لە بواری فەرهەنگیو ئابووریو رامیاریداو زۆرێك لە بوارەکانی ژیاندا چەوساوەو مەحروم بووە، ئێمە لە مەجلیسدا لەگەڵ لێپرسراوانی نیزامی ئێراندا پرسیارو وتووێژمان لەگەڵ دەکردن، بە جۆرێك کە بۆ گەیاندنی داخوازییەکانی گەلی کورد سوودمەند بێت، هەروەها داوامانکرد ئەو بڕگانەی کە لە قانونی ئەساسی مەجلیسدا هەنو دەربارەی کورد لە ناوچە کوردنشینەکاندا کاری پێبکرێت، کە ئەویش خوێندنو نووسین بوو بە زمانی کوردی، چەند جارێکیش وەزیرەکانی مەجلیس بەڵێنیان پێدابن کە لە زانستگاکاندا زمانو ئەدەبیاتی کوردی بوترێتەوە، من خۆم نامەم نووسی بۆ ئاغای خاتەمی (سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی ئێران) ئەویش بەڵێنی پێدابن لە دەورەی ماجستێرو زانستگادا، زمانو ئەدەبی کوردی بوترێتەوە، لە زانستگاکانی کوردستان وەزارەتی زانست بڕیاریدرا لەسەر ئەوەی زمانو ئەدەبیاتی کوردی بخوێنرێت، لە ناونیشانی کونکوریشدا ئیعلانیانکرد، بەڵام بەداخەوە لەدوای ئێمە ئەو کارانەیان جێبەجێنەکرد.

**لڤین: پێتوایە بەرەی یەکگرتووی کورد دەرئەنجامی شکستی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد بوو لە مەجلیسی شورای ئیسلامی ئێران؟**

جەلالی جەلالیزادە: نا؛ پەیوەندیی بە شکستی ئەو فراکسیۆنەوە نەبوو، بەر لەوەی بەرەی

یەکگرتووی کورد پێکبێت، ریفۆرمخوازانی کوردیش چەند کۆبوونەوەیەکیان لە شارەکانی کوردستان کردو چەندین داخوازییان هەبوو، کە پێشتر ریفۆرمخوازانیش هەر ئەو داخوازییانەیان هەبوو، رایانگەیاندبوو بە لێپرسراوانی حکومەت، ئەوانیش هەر ئەو قسەو شیعارانەی ریفۆرمخوازانی کوردیان دووبارەدەکردەوە.

**لڤین: بەرەی ریفۆرم هەشت ساڵ نوێنەرایەتیی دەسەڵاتی ئێرانی لەدەستدابوو، بەڵام ئەوەی بەدیدەکرێت، هیچ هەنگاوێکی جددیی بۆ کێشەی کوردی لە ئێراندا نەناوە؟**

جەلالی جەلالیزادە: بەشێوەیەکی گشتی لە ئێراندا لەبەرئەوەی ترسێك هەیە بەرامبەر بە گەلانی ئێران، هەندێك لە لێپرسراوانەش کە لە ئێران هەن، بەداخەوە ئامادە نین هەنگاوێکی باش بۆ دابینکردنی ئەو مافانە بنێن.

**لڤین: ببورە بۆچی بەرەی ریفۆرم نەیتوانی لە ماوەی دەسەڵاتدا کار لە بەرژەوەندیی کورددا بکات؟**

جەلالی جەلالیزادە: ریفۆرمخوازان لە ئێراندا زۆر قودرەتی ئەسڵیان لە دەسەڵاتدا نەبوو، لەبەر هەندێك کێشە، هەمیشەش دیدێك هەیە لە بەرامبەر گەلانی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد، چونکە نیگاکردنی نیزامو ئایدۆلۆژیو مەزهەبییە، بەناوی مەزهەبەوە بۆ هەموو شتێك دەڕوانێت، کێشەکانی گەلی کورد لەبارەی نەتەوەییو مەزهەبییەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە نیزام حەزناکات هەنگاوێك بنێت بۆ هێنانەدی مافە رەواکانی گەلی کورد. بڕواموایە لەبارەی نەتەوەییو مەزهەبی، هۆکارێك بن، لەبەرئەوەی کوردەکان سوننەمەزهەبن، تێڕوانینی ئەم نیزامە مەزهەبییەش، بووەتە هۆکاری ئەو چەوساوەییو بێبەشبوونە.

**لڤین: لە ماوەی حوکمکردنی بەرەی ریفۆرمدا، زۆرێک لە رۆشنبیرانی کوردی ئێران کەوتوونەتە بەر لێپرسینەوەی دەسەڵات، یان هەڵهاتوون بۆ دەرەوە؟**

جەلالی جەلالیزادە: من پێموایە لە دەورەی ریفۆرمدا فشارو زەخت زۆر کەمبووە لەسەر رۆشنبیران، هەتا رۆژنامەوانانو تێکۆشەرانی سیاسییو فەرهەنگیو لەناو کوردستاندا ئازادییان هەبووەو قسەی خۆیان کردووە، چاوپێکەوتنو نووسراویان هەیە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت لە دەورەی ریفۆرمدا ئەو فشارەو زەختە نەبوو، مەگەر کەسێك بە ئارەزووی خۆی رۆشتبێتە دەرەوە، پێموایە فشاریش لەسەر تێکۆشەرانی سیاسیی زۆر کەمبووە.

**لڤین: بەڵام هەندێک لە رۆشنبیران، لەوانەش" اسەعیدی سەعیدیان، روئیا تەلوعی، مادعی ئەحمەدی) هاتوونەتە دەرەوە؟**

جەلالی جەلالیزادە: ئەوانەی کە هاتوونەتە دەرەوە، لە دەورەی ریفۆرمخوازاندا نەبوون، ئەوانەی کە ئێستا ناوێکیان هەیەو دیارن لە دەورەی ریفۆرمخوازاندا دەرکەوتوون، بەهۆی ئەو ئازادییەوە کە هەبووە، توانیویانە ناوێکی سیاسییو فەرهەنگی بۆ خۆیان بەدەستبهێنن.

**لڤین: جووڵانەوەو خۆپیشاندانەکانی ناو شارە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێران بۆچی دەگێڕێتەوە، پێتوایە ئەوانە داخوازی نەتەوەیین؟**

جەلالی جەلالیزادە: گەلی کورد لە ئێستادا لە حاڵەتی بێدارییدایە، هۆشیاریی هەیە سەبارەت بە داخوازییەکانی خۆی وەك نەتەوەیەکی دونیا، هەموو کوردەکانی ئێران بەو بیرو تێگەیشتنە گەیشتوونو مەسەلەی کوردو کوردایەتی شتێك نییە هیچ نیزامو حکومەتێك بتوانێت داپۆشێت یان ئینکاری لێبکات، ئەوە بە وتەی خۆمان "ئاگری ژێر کایە"، لە هەر جێگایەك بەری پێبگرێت، لە جێگایەکی تر خۆی نیشاندەدات.

گەلی کورد بە هەر جۆرێك بێت، دەبێت بە جووڵانەوەو خۆنیشاندان بوونی خۆی بسەلمێنێت، پێموایە هەمیشە دەستەیەك یان ئیرادەیەك هەیە لە تەرەفی حکومەتەوە بیەوێت مەسەلەی کورد چارەسەر بکات.

**لڤین: تا چەند ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە بە رەوا دەبینیت؟**

جەلالی جەلالیزادە: ئەو خۆپیشاندانانە جیاوازییان هەیە، خۆپیشاندانێك بۆ مەسەلەی کۆمەڵایەتیو گشتی بێت، باشە، بەڵام بڕیارنییە هەر مەسەلەیەك لە هەر جێگایەك هەبوو، گەلی کورد قوربانیی بدات. گەلی کورد دەبێت زۆر بە واقیعبینانەو رێکوپێکی بتوانێت پارێزگاری لە مافی خۆی بکات لە هەر شارێك بێت.

**لڤین: خاتەمی لە سەردانێکدا بۆ تورکیا باسی لەوە دەکرد کە نارازیین بە دروستکردنی حکومەتی کوردی، تا چەند قسەکانی خاتەمی لەگەڵ بیروڕای بەرەدا یەکدەگرێتەوە؟**

جەلالی جەلالیزادە: من بە ئاغای خاتەمیم وتووە کە ئەو قسانەم بە قسەیەکی ناحەزو ناشیرین زانیوەو بە بۆچوونی من ئاغای خاتەمی نەدەبووایە ئەو قسەیەی بکردایە، کوردەکان لە ئێراندا خۆیان بە ئێرانیی دەزانن و ریشەیەکی چەندین ساڵەیان هەیە، ئاغای خاتەمی بە عینوانی نەژادی کورد دەبوو لە تورکیادا بەرگریی لە مافی چارەنووسی کورد بکات، نەدەبوو ئاغای خاتەمی بە دڵخۆشکردنی رژێمێکی فاشی دژی بەشەری وەك تورکیا قسەبکات.

ریفۆرمخوازان لە ئێراندا، بەتایبەت حیزبی موشارەکەت، پێموایە بتوانن لەژێر دروشمی هاوبەش بۆ ئێرانییەکان کاربکەن، دەتوانرێت لەژێر ئەو دروشمەدا مافی کورد لە ئێراندا دیاریبکرێت، بەڵام بەداخەوە زۆرکەس پێیانوایە کە حیزبی نیزامو پاراستنی بەرژەوەندیی وڵات بۆیان گرنکە، بۆیە لەگەڵ زۆرێك لە داخوازییەکانی گەلانی ئێراندا موافیق نیین، دەبێت خودی گەلانی ئێران، بەتایبەت گەلی کورد خۆیان تێکۆشانیان هەبێت بۆ گەشتن بە ئامانجی خۆیان.

**لڤین: ئەمە بە بیروڕای بەرەی ریفۆرمیش نازانیت؟**

جەلالی جەلالیزادە: ریفۆرمخوازان چەندین دەستەو گروپن، هەندێك بیروڕایان باشەو هەندێکی تر بیروڕایان تەنگو ناحەزیان هەیە بەرامبەر گەلی کورد، ئەوانەی کە بیروڕایان باشە پێیانوایە کورد زوڵمی لێکراوە، دەبێت لە دەسەڵاتدا بەشداربیکات.



ئەحمەد نەژاد بە جلی کوردییەوە

**لڤین: لە ئێستادا کورد لە ئێراندا لە پەراوێزی دەسەڵاتدایە، هیچ هەوڵێک هەیە بۆ بەشدارپێکردنی کورد لە دەسەڵاتدا؟**

جەلالی جەلالیزادە: بەداخەوە لە ئێراندا لەبەر بوونی مەسەلەی نەتەوایەتییو مەزهەبیی، لێپرسراوانی نیزام هیچ تێکۆشانێکیان نییە بۆ بەشداریپێکردن بۆ کورد لە دەسەڵاتدا.

**لڤین: بۆ دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، جیاوازیی ئێوەو حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان چییە؟**

جەلالی جەلالیزادە: ئێمە پێمانوایە بە رێگای ئاشتیخوازانە، هەنگاوبەهەنگاو، لەژێر دروشمی قانونو یاسادا بڕوانین بۆ بەدیهاتنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، بەڵام هەندێك لەو گروپانەی ئۆپۆزیسیۆنن، بڕوایان بە شەڕی چەکداری هەیە، یاسایی بنەڕەتییان قبوڵ نییە، بەڵام ریفۆرمخوازان بڕوایان بە توندوتیژی نییە، دەبێت بە رێگای ئاشتیو بەدواداچوون، مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بەدەستبهێنین.

**لڤین: ئۆپۆزیسیۆنی کوردی زەختێک نیین بۆ گۆڕینی دەسەڵات لە ئێراندا؟**

جەلالی جەلالیزادە: مەسەلەی کورد لە ئێراندا پێویستی بە کارێکی فەرهەنگی هەیە کە بتوانێت تاکی کورد سەبارەت بە مافی خۆی هۆشیاربکاتەوە، دەبێت بە هەر شێوەیەك بێتو هەر کەسێك لە روانگەی خۆیەوە لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات بۆ بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد تێکۆشانی هەبێت. پێموایە ئۆپۆزیسیۆن لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات یەکتری قبوڵبکەنو هاوفکرییان هەبێت، بزانن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان چ رێگاچارەیەکیان هەیە، هەندێك لە ئۆپۆزیسیۆنەکان هەستی نەتەوەییان هەیەو زۆرترینیان ئایدۆلۆژیین، ئەو ئایدۆلۆژیایە لەگەڵ هەستی نەتەوایەتییدا یەکناگرێتەوە، بەڵام بەهۆی گوزارشتی زەمان، ئەو بیروڕایەیان گۆڕیوەو گەڕاونەتەوە سەر بیروباوەڕی نەتەوایەتیو بەرگریکردن لە گەلی کورد.

**لڤین: گرژیو ئاڵۆزییەکانی نێوان ئێستای ئێرانو ئەمریکا چۆن دەبینیت؟**

جەلالی جەلالیزادە: هەر ئاڵۆزییەك بێت لەناو دەسەڵاتدا، یان حیزبو گروپێکدا، پێویستە رەچاوی بەرژەوەندیو قازانجی گەل بکرێت، چونکە شەڕ هیچ ئاکامێکی باشی نییە، بەرەی ریفۆرم هەوڵی زۆریداوە بۆ بە ئاشتیو ئەقڵانی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. لەم چەند رۆژەشدا زۆرێك لە نوێنەرانی ریفۆرمخوازان لە مەجلیسدا قسەیاندەکرد، هەندێك لە حیزبەکان، وەك؛ رێکخراوی موجاهیدین، داوایانکردووە ئەو کێشەیە بەهێمنیی چارەسەربکرێت.

**لڤین: ئەو توندوتیژییە بە هەڵوێستی سیاسەتی ئەحمەدی نەژادو باڵی کۆنزەرڤاتیڤەکان نازانیت؟**

جەلالی جەلالیزادە: سیاسەتی ئەحمەد نەژاد، بیروبۆچوونی خەڵکی ئێران نییە، چونکە خەڵکی ئێران کەوتوونەتە دووڕیانێك، بە قازانجو سوودی خەڵکی ئێران تەواونابێت، خەڵکیان خستووەتە خەتەرەوە، ئەمە بیروڕای گروپێکی زۆر کەمە.

**لڤین: هەڵوێستی بەرەی ریفۆرم چییە لەو بارەیەوە؟**

جەلالی جەلالیزادە: ریفۆرمخوازان سیاسەتیان هێمنییو پاراستنی وڵاتانی ترە، ئەوان بیروڕایان دژایەتیو بەربەرەکانێیە لە بواری سیاسییدا.

**لڤین: رات چییە لەسەر فیدراڵیزم بۆ کوردەکانی کوردستانی ئێران؟**

جەلالی جەلالیزادە: من لە مەجلیسدا باسی فیدراڵیزمم بۆ کوردستان کردووە، بەڵام ئەگەر بەو شێوازە نیزامی بێت، ئەوا لە بەرژەوەندیی کورددا نیە، رێگاچارە ئەوەیە کوردەکان بە شێوازێك ئیدارەبکرێت کە بتوانن لە شارەکانی خۆیان ئیدارەی ناوچەکانی خۆیان بەباشی بەڕێوەبەرن.

**لڤین: کاتی هاتنی ئەحمەد نەژاد بۆ ناوچە کوردنشینەکان، بەجلی کوردییەوە بینرا، ئەمە بە گۆڕانی سیاسەتی ئەو نازانیت بەرامبەر بە کورد، لە کاتێکدا لە هاتنە سەر حوکمدا زۆر دژایەتیی گەلی کوردی دەکرد؟**

جەلالی جەلالیزادە: پۆشینی جلوبەرگی کوردی، هیچ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر کێشەی کورد نییە لە ئێراندا، سەدام حسێن جلوبەرگی کوردی لەبەردەکرد، پێموایە رێزگرتن لە گەلی کورد، بەشداریپێکردنیەتی لە دەسەڵاتو مەسەلە ئابووریو رامیاریو فەرهەنگییەکاندا، سیاسەتی ئێران بەرامبەر کورد خراپتربووە بەهۆی ئەو زەختو گوشارانەی کە لەسەر ناوچەکە دروستبووە. بەهیچ مەرج بیروڕای ئەحمەد نەژاد لەگەڵ بیروڕای گەلی کورد یەکناگرێتەوە، ئەو زەمانە بەسەرچوو کە سیاسەتمەداران بتوانن کڵاو لەسەر خەڵکی بنێن.

**لڤین: فیدراڵیزمی هەرێمی کوردستانی عێراق چۆن دەبینیت؟**

جەلالی جەلالیزادە: کەمترین مافی کوردی عێراق فیدراڵییە، چونکە کوردەکانی عێراق ساڵانێکە موبارەزە دەکەن، نزیکەی بیست ساڵە سەربەخۆییان هەیەو توانیویانە خۆیان بەڕێوەبەرن، گەلی کورد لە مەسەلەی کەرکوکیشدا، نابێت هیچ جۆرە تەنازولێکیان هەبێت.